## هەردوو کۆمپانیای ئەزمڕ ئێڕو دوکان ئێر
## لەکارێکی هاوبەشدا گەشتەکانی ئەڵمانیاو هەرێم گەشە پێدەدەn




دەقی ڕاگەیاندنی یەکگرتنی هەردو کۆمپانیای دوکان ئێرو ئەزمڕئێر لەکاری هاوبەشی گەشتەکانی نێوان
(میونشن – سلێمانی –میونشن و میونشن – هەولێر –میونشن)دا

*لەهەنگاوێکی گەورەی بواری گەشتەئاسمانیەکانی کوردستاندا هەردوو کۆمپانیای (دوکان ئێرو ئەزمڕ ئێر)لەپرۆژەکارێکی هاوبەشدا بەئامانجی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت بەبواری گەشتە ئاسمانیەکانی کوردستان و بەهێزکردنی ئەو گەشتانە لەنێوان ئەڵمانیاو هەرێمی کوردستاندا یەکیان گرتوو..لەمانگی 12/2010 وە بەبەردەوامی وهەفتانە بۆ هەریەک لە سلێمانی و هەولێرو بەپێچەوانەوە بۆ ئەڵمانیا – میونشن گەشتەکانیان دەستپێدەکەن..
*ڕەزامەندی ئەم گەشتانەش لەبەر ڕۆشنایی پرۆتۆکۆل و ڕێکەوتننامەی نێوان دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراق و دەسەڵاتی فڕۆکەوانی ئەڵمانیادا هاتووە کە لە 30/10/2009 هەردوو وڵات لەسەری ڕێکەووتوون و ڕۆژی 12/10/2010 دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراقی بەنوسراوێکی ڕەسمی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی ئەڵمانیای ئاگادارکردوو ڕەزامەندی خۆی لەسەر داواکەی (گیرمەنیا) و دوکان ئێر نیشاندا..شایانی باسە کۆمپانیای گێرمەنیا یەکێکە لەکۆمپانیا ناسراوەکانی بواری گەشتی ئاسمانی لەئەڵمانیاو گەشتە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی بەشێوەیەکی فروان ئەنجام دەدات..پێشتریش لەپرۆژەیەکدا گرێبەستێکی پتەوی لەگەڵ کۆمپانیای ناسراوی کوردی–ئەڵمانی(دوکان ئێر)دا بۆ ئەومەبەستە مۆرکردبوو..نەوزاد دزەیی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دوکان ئێر سەبارەت بەم گەشتانەو یەکگرتنیان لەوکارەدا لەگەڵ کۆمپانیای ناسراوی ئەزمڕئێردا بە pukmedia وت: دوای ئەوەی کەکۆمپانیاکەمان توانی لەماوەی ساڵانی ڕابوردودا ئەزموون و شارەزاییەکی زۆر لەبواری گەشتەکانی میونشن سلێمانیدا پەیدا بکات و دوای ئەوەی کە ئیتر بوار نەمایەوە کەگرێبەستەکانمان بەسیستەمی چارتەر بۆ..نوێ بکرێتەوە..! لەبەر ئەوەی ڕێکەوتننامەی ڕەسمی نێوان عێراق و ئەڵمانیای بەدوا داهات..ئێمەش لەبەردەوامی هەوڵەکانماندا گەیشتینە ئەنجامێکی باش و بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ڕەسمیەی نێوان هەردوو وڵات..بەسەربەرزیەوە بەتواناو متمانەمانەوە توانیمان بڕوای گێرمەنیا بەلای خۆماندا ڕاکێشین و ئەو گرێبەستەی نێوان گەرمەنیاو عێراق بەقازنجی عێراق و هەرێمی کوردستان بشکێنینەوەو بەردەوامی بدەینە گەشتەکانمان.. لەوەش زیاتر بۆ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت وگەشەپێدانی بواری گەشتە ئاسمانیەکانی نێوان ئەڵمانیاو هەرێم بەتایبەتی سلێمانی و هەولێرو گەشەپێدانی گەشتی فڕۆکەخانەکانمان و..خزمەتگوزاری زیاتر لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیای کوردستان(ئەزمڕئێر) کەبۆیەکەمین جار دوای پرۆسەی ئازادی عێراق فڕۆکەیان بردە عێراق لەو کارەدا یەک بگرین..نەوزاد دزەیی ئەوەشی وت کە ئێستا کارەکان دابەش بووە..بیرۆی سەرەکی کۆمپانیای دوکان ئێر لەئەڵمانیا لەشاری نۆرنبێرگ کارەکانی ئەڵمانیاو گەشتەکانی میونشن–سلێمانی و میونشن–هەولێر ڕادەپەڕێنێ وبیرۆی سەرەکی (ئەزمڕ ئێر)یش لەسلێمانی کارەکانی گەشتی هەولێرو سلێمانی بەپێی سیستەمێکی پێشکەوتوو ڕادەپەڕێنێ بەمەش دەتوانین خزمەتگواری زیاتر پێشکەش بکەین..سەبارەت بەنرخی بلیت و خزمەتگوزاریش دزەیی وتی..هەوڵماندواە باشترین نرخ دابەزێنینە ناو بازاڕ..بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئەرکی سەفەر لەسەر گەشتیار هەربۆیە بڕیارماندا نرخی بلیت

بۆ یەکسەر بە 275 یۆرۆ واتە بۆ هەردو سەر 550 یۆرۆ لەمەش زیاتر خزمەتگوزاری زۆر گرنگ بۆنمونە..بلیتی قیتارمان هەیە گەشتیار دەتوانێ سودی لێ ببینێ و ئەرکی مادی لەسەر کەم بێتەوە ولەهەر شارێکی ئەڵمانیاوە بەپێی بلیتێکی تایبەت کەنرخەکەی تەنیا 30 یۆرۆیە بتوانێ بگاتە فڕۆکەخانەی میونشن و ئەوانەی لە سلێمانی یان هەولێریشەوە دێنە ئەڵمانیا بەو بلتیە بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان بەمەش ئەوانەی کەشارەکانیان دوورە زیاتر لە 100 یۆرۆیان بۆ دەگەڕێتەوە بەتایبەتی ئەمە بۆ ئەو گەشتیارانە زۆرباشە کە بەخێزانی سەفەر دەکەن.. لەکۆتایی قسەکانیدا دزەیی وتی.. بیرۆکەی کاری هاوبەشی دوکان ئێرو ئەزمڕ ئێر بیرۆکەیەکی نوێ نیەو ئێمە لەوکاتەوە کەوەک دوکان ئێر گەشتەکانی 2009ی نێوان میونشن سلێمانی مان دەستپێکرد پەیوەندیەکی دۆستانەی باشمان هەبوو..لەهەمووی گرنگتر بڕواو متمانەی نێوانمان بوو لەسەرەتای ئەو پەیوەندیانەشەوە ئەزمڕ ئێر هاوکاری و پشتگیریەکی باشیان کردین و ئەوکاتە یاداشتێکی لێک تێگەیشتن لە نێوانماندا هەبوو کە یەکێک لەخاڵەکانی کاری هاوبەش بوولە ئایندەدا وەک ئێستە کە هێنامانەدی..
*لای خۆشیەوە بەکر سەعید بەڕێوەبەری گشتی ئەزمڕئێر ڕایگەیاند..یەکگرتنمان لەم کارە هاوبەشەدا ماناو بەهایەکی گرنگی لەمەیدانی کاری گەشتە ئاسمانیەکاندا هەیەو هەنگاوێکە بەئاراستەی بەهێزکردنی فڕۆکەخانەکانمانو فراوانکردنی مەودای خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەک کەلەئاستی ویست وداخوازی گەشتیاراندابێت،هەمانکاتیش خستنەگەڕی،تواناکانی هەردووکۆمپانیای(دوکان ئێر)و(ئەزمڕئێر)ەکەخاوەنی تاقیکردنەوەیەکی زۆرو متمانەو بڕوای گەشتیارانن..بەڕێوەبەری گشتی ئەزمڕئێر ڕونیکردەوە ئەم کارە هاوبەشە لە بڕوابوونی تەواومانەوە سەرچاوەی گرتووە وەک ئەو وتی.. تا هەم ئێمە سوود لە تواناکانی دەرەوە وەربگرین وەک ئەزمونی دوکان ئێر هەم دەرەوەش سوود لەتواناکانی ناوەوە وەرگرن وەک ئەزموونی ئەزمڕئێر و بتوانین بەهەردولامان باشترین خزمەت بەگەشتیارانی خۆمان بکەین بەتایبەتی بەگەشتیاران لەئەوروپاوە ئەمەش لەو بڕوابوون و متمانەیەوەیە کەلەنێوان خۆمانو گەشتیاردا دروستمان کردووە..هەربۆیە کارکردنمان لەسەر گەشەپێدانی پانتایی ئەم کارەو فراوانبوونی گەشتە ئاسمانیەکانمان بەردەوامەو ئەم کارەش دیسان دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە..بەکر سەعید جەختیشی لەسەر رێکو پێکی گەشتەکان لەسات و وادەی خۆیدا کردەوەو ئەوەشی بە یەکێک لەمەرجەکانی سەرکەوتنی پرۆژەکە ناوبرد ولەم بارەیەوە وتی..ئەوەی بەلامانەوە گرنگە پاراستنی بڕواو متمانەی خۆمان وگەشتیارانە.. ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ڕێکخستنی گەشتەکانمانە لە کات و وادەی خۆیدا،ئەمەش وادەکات کە مافی گەشتیار پارێزراو بێت و وەختیان بەفیرۆ نەچێت و ساختەو فڕوفێڵیان لەگەڵ نەکرێ وەک لە هەندێ شوێنکراوە.
بەکرسەعید ئەم کارە هاوبەشەی بەیەکێک لەهەنگاوەکانی ئەزمڕئێر وەسفکرد کە بەئاراستەی فراوانکردنی گەشتە ئاسمانیەکان دەینێ لەم ڕووەوە بە pukmediaی وت..خۆتان دەزانن ئەزمڕئێر یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بواری گەشتی ئاسمانی لەعێراق و کوردستاندا.. سەرمایەکەی (25)ملیۆن دۆلارە و خاوەنی چەندین پرۆژەی گرنگە وەک گوندی(کارگۆCARGO) بەتەواو بوونی ئەم پرۆژەیەش فڕۆکەخانەی سلێمانی جگەلەوەی کەدووهێندەی ئێستا گەورەدەبێ دەبێتە گەورەترین پرۆژەی گواستنەوەی ئاسمانی کەلوپەلیش لەناوچەکەدا،فڕۆکەخانەی سلێمانی دەبێتە بەندەری گواستنەوەو بارکردن وڕەوانەکردن و هێنانی کاڵاو کەلوپەل لە دنیاوە..جگەلەوەی کە ئەزمڕئێر خاوەنی چەندین پرۆژەی تری خزمەتگوزاریە لەناو فڕۆکەخانەدا. کۆی گشتی ئەم کارانەش دیارە سەرەنجام پێشخستنی ئەو بوارەگرنگەیە.. لەکۆتایی قسەکانیدا وەک ئەو وتی..هیواداریین کردنەوەی ئەم گەشتانە سەرەتایەکی گرنگ بێ بەئاراستەی فراوانکردنی گەشتەکان تا لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانین گەشتەکانمان چەندین وڵاتی ئەروپی بگرێتەوە..من لەم دەرفەتەدا پیرۆزبایی لەخۆمان ولە دوکان ئێر و گەشتیاران وهەردو فڕۆکەخانەی سلێمانی وهەولێر دەکەم بۆئەم پرۆژە گرنگونمونەییە بەئومێدی هەنگاوی تری هاوبەش وپلانی تۆکمەو خزمەتگوزاری زیاتر.
شایانی باسە کۆمپانیای (گێرمەنیا)ی ئەڵمانی لەسەرەتای ئەم مانگەدا بەمەبەستی تێگەیشتن و ئاشنابوون بەسیستەمی کارکردنی هەرێم شاندێکیان سەردانی سلێمانی و هەولێریانکردو لەلایەن کۆمپانیای ئەزمڕ ئێرەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکراو شاندەکەی گێرمەنیا لەماوەی  سەردانەکەیاندا چەندین دیدارو گفتۆگۆیان کردو هەردوو فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێری نێودەوڵەتیان بەسەرکردەوەو  خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی..